# کاریگەری ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لەسەر دیاردەی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر
## ( لێکۆڵینەوەیەکە لەجوگرافیای گواستنەوە )


م. محەمەد زاهیر کۆخا صادق
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی جوگرافیا

م.ی بنار عبدالخالق بکر
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی جوگرافیا


## پێشەکی

ڕێگاوبانی گواستنەوە دادەنرێت بە یەکێك لە فاکتەرە مرۆییەکان کەوا گرنگی گەورەی هەیە لەسەر بوارە جۆر بەجۆرەکانی ژیان، لەوانە بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی، هەروەها کاریگەری گەورەو ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر فراوان بوونو زیادبوونی زەوی کشتوکاڵیو سەرئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵیو گواستنەوەی بەرهەمەکان بۆ بازاڕەکان.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە: گرنگی ڕێگاوبانی گواستنەوە بە گشتیو ڕێگای ئۆتۆمبێل بە تایبەتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە دیاردەکەوێت لە ڕووی گەیاندنی بەرووبوومی کشتوکاڵیو تێچوونی گواستنەوەی بۆ بازاڕەکان، سەرەڕای ئەمەش دەبێتە هۆی دەست بەسەرداگرتنی زەوی کشتوکاڵی لەلایەن جووتیارەکانو گرنگی پێدان بە زەوەیەکانیان.

کێشەی لێکۆڵینەوەکە:ئەم گرفتەش بە دیار دەکەوێت لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان دیاردەی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی کە تۆڕێکی ڕێگاوبانی باشیان نیەو دوورن بە بەراورد لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە تۆڕێکی باشی هەیە بووەتە هۆی زیادبوونی نرخی کرێی تێچوونی گواستنەوە.

گریمانی لێکۆڵینەوەکە: دەتوانین بەم شێوەیە گریمانەکەمان بخەینە روو کەوا ڕێگای ئۆتۆمبێل ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە جۆراو جۆریەتی وەبەرهێنانی زەوی کشتوکاڵی بە درێژایی درێژبوونەوەی ڕێگاکانو دووریان لە ناوەندەکانی شار کە مەبەستمان بازاڕەکانی ساغ کردنەوەی بەرووبوومەکانە بە زیادبوونی تۆڕەکانی ڕێگاوبان بۆتە هۆی زیادبوونی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: بریتیە لە دەرخستنی ڕۆڵو کاریگەری ڕێگای گواستنەوە بە ئۆتۆمبێل لە جۆراوجۆری شێوازی دەست بەسەرداگرتنو بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر.

میتۆدی لێکۆڵینەوە: هەموو لێکۆڵینەوەیەك پێویستی بە میتۆدێك یاخود چەند میتۆدێك هەیە، بەمەبەستی زیاتر خستنە ڕووی زانیارییەکانو شیکردنەوەیان ئەوا لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی لەدواگەڕان (الاستقرائي) کە لە تایبەتەوە دەست پێدەکات بۆ گشتی, پێچەوانەی میتۆدی هەڵهێنجاندنە ( الاستنباطي).

پلانی لێکۆڵینەوە: لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکە دابەش کراوە بۆ سەر سێ تەوەرە، تەوەری یەکەمیان باس لە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکات، تەوەری دووەم تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە شێوازی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەتەوەری سێیەمیشدا باس لە کاریگەری تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە سەر دیاردەکانی کشتوکاڵی دەخەینە ڕوو.

### تەوەری یەکەم/ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

پارێزگـای هـەولێر یەکێکـە لـە پارێزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتانی عـیراق لـە ڕووی هەڵکـەوتنی شـوێنی جوگرافیاکەیـەوە دەکەوێتـە بەشـی بـاکووری خۆرهـەڵاتی عـیراقو ناوەڕاسـتی هـەرێمی کوردسـتان، ئـەم پارێزگایـە هاوسنووره لەگەڵ هەر یەکە لە وڵاتانی ئێران لە باکوورو خۆرهەڵاتیو تورکیا لە باکووریو لـە بەشـی باشـووری زێـی بچووك جیای دەکاتەوە لە پارێزگای کەرکوكو لە بەشی خۆرهەڵاتیـەوە هاوسـنووره لەگـەڵ پارێزگـای سلێمانیو لـە خۆرئاواشەوە زێی گەورە لەگەڵ هەریەکە لە پارێزگاکانی دهۆكو نەینەوای جیادەکاتەوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١).

سەبارەت بـە پێگـەی ئەسـترۆنۆمی پارێزگاکـە کەوتۆتـە نێـوان هـەردوو بازنـەی پـانی (-٣٥،٣٠°)و (-٣٧،١٥°)ی باکوورو هەردوو هێڵی درێژی (-٤٣،٢٢°)و (-٤٥،٠٥°)ی خۆرهەڵات، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢).

سەبارەت بە ڕووبەری پارێزگاکە لە کاتی ئێستادا ڕووبەرەکەی دەگاتە (١٥٢١٤کم٢)و لـە دە یەکـەی کـارگێڕی پێکهاتووە[١]، کە هەر یەکە لە قـەزاکانی (ناوەنـدو دەشـتی هـەولێرو مـەخمورو کۆیـەو خـەباتو شـەقڵاوەو سۆرانو ڕەواندوزو مێرگەسوورو چۆمان) لەخۆدەگرێت.

ناوچەی لێکۆڵینەوە بەوە جیادەکرێتەوە لە ڕووی بەرزیو نزمیەوە کە بەشەکانی باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی ناوچـەی شـاخاوی بەسـەری دا زاڵـەو بەرزیەکـەی دەگاتـە زیـاتر لـە (٣٠٠٠م) نـزمترین ناوچەشـی کـە ناوچـەی دەشتاییەکانە، کە دەشتی مەخمور دەگرێتەوە بەرزیەکەی (٢٠٠م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە[٢]، بیگومـان ئـەم جیاوازیەش لە ڕووی پێکهاتەی بەرزیو نزمی ڕووی زەویەکەی کاریگـەری گـەورەی هەیـە لەسـەر دیـاردە سروشـتیو مرۆییەکانو ئاوێتە بوونی ئەمانەش کاریگەری هەبووە لەسەر جیاوازی دابەشبوونی تۆڕەکانی ڕێگاوبـانی ئۆتۆمبێـلو شێوازەکانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە پارێزگاکە.

بە شێوەیەکی گشتی پارێزگای هەولێر دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست، بە پێی پۆلینکاری کۆپن کە بەشەکانی باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی ئاووهەوای (Cs) بەسەری دا زاڵەو بەشـەکانی باشـوورو خۆرئاوای گەرمەسێر (BS)ی تێدا بـەدی دەکرێـت[٣]، ئـەوەی تایبـەت بێـت بـە بـڕی بـاران بـارینی سـاڵانەی ناوچـە شاخاویەکان لە نێوان (٦٠٠–٨٠٠ملم) دەبێـتو لـە ناوچـەی نیمچـە شـاخاویەکانو دەشـتاییەکانی لـە نێـوان ((٢٥٠–٦٠٠ملم) بارانی لێ دەبارێت[٤]. سـەرەڕای ئەمـە خـاکی پارێزگاکـە لـە ناوچـە دەشـتاییە فراوانـەکانیو دۆڵو دەشـتە تەسکەکانی ناوچە شاخاویەکانی بۆ کشتوکاڵی کـردنو چـالاکی کشـتوکاڵی کـردن لـەبارە بـە تایبـەتی خـاکی ناوچـە دەشتاییەکانی قەراجو کەندیناوەو دەشتی هەولێرو کۆیە توانـای بەرهـەم هێنانیـان زیـاترە بەبـەراورد لەگـەڵ خـاکی ناوچە بەرزاییەکان [٥].

---

(١) هوشـیار محمـدأمین رشـید و سـەردار محمـد عبـدالرحمن، ئەتڵەسـی پارێزگـای هـەولێر (مێـژوویی– کـارگێڕی– سروشـتی– مرۆیـی– ڕامیاری– ئابووری– ئامار)، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٣–٢٥.

(٢) شاكر خصباك، العراق دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص٢٥–٢٦.

(٣) لقمان وسو عمر، الـتغيرات المناخيـة وأثرهـا في متطلبـات تحقيـق التنميـة الزراعيـة في محافظـة أربيـل، أطروحـة دكتـورا مقدمـة قسـم الجغرافية/ فاكلتي التربية, جامعة كويە، ٢٠١٣، ص١٧١ . غير منشورة.

(٤) هاشم ياسين حمدأمين الحداد، أطلس الموارد الطبيعيـة لمحافظـة أربيـل وادارة الارض فيهـا للأغـراض الزراعـة، رسـالة ماجسـتير، قسـم الجغرافية– كلية الاداب– جامعة صلاح الدين/ أربيل، ٢٠٠٠، ص١٥، غير منشورة.

(٥) بەهرە رضا عثمان، جیاوازی شوێنی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر لێکۆڵینەوەیەکـە لـە جوگرافیـای پەرەپێـدان، نامـەی ماستەر، پێشکەش بە بەشی جوگرافیای کۆلیجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر کراوە، ٢٠١٣، ل٦١، بڵاونەکراوەتەوە.

## نەخشەی ژمارە (١)

## شوێنی پارێزگای هەولێر بە گوێرەی هەرێمی کوردستانو عێراق




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە

ابراهیم القصاب وآخرون، اطلس العراق التعلیمي، مرکز علم الخرائط، کلیة التربیة، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٧، ص ١٣٠.

خلیل اسماعیل محمد، اقلیم کوردستان العراق – دراسات في التکوین القومي للسکان، ط ٣، اربیل، ١٩٩٩ ، ص ١٣

نەخشەی ژمارە (٢)

شوێنی ئەسترۆنۆمی پارێزگای هەولێر




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە:

اقليم كوردستان العراق، وزارة التخطيط، قسم التخطيط الاداري، خارطة محافظة أربيل، ٢٠١١, بمقياس (١: ٥٠٠٠٠٠).

بەڵام سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (٢٠١٢) گەیشتۆتە نزیکەی (١٨٢٠١٢٠) کەس و بەمەش نزیکەی (١٣٨٩١٢٠) شارنشین کە (٧٦،٣٪) لەخۆدەگرێت و (٤٣١٠٠٠) گوندنشین کە (٢٣،٧٪) پێکدێت[1].

ژمارەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگاکە بە هەموو جۆرەکانیەوە کە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر تۆمارکراوە لە ساڵی (٢٠١٢) گەیشتۆتە نزیکەی (٥١٢١١١) ئۆتۆمبێل، (٢٨٩١٠٠) ئۆتۆمبێلی تایبەت و (١٣٠٦٢٩) بارهەڵگرو (٤٤٩٧٥) ئۆتۆمبێلی کاتی و کارتی زانیاری و (٣٣٨١٧) تاکسی کرێ و (٦٩٠٥) بیناسازی و (٦٦٨٥) ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی[2].

## تەوەری دووەم/ شێوازی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:

شێوازی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل بە پێی ئەو پۆلێنانەی کە هەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، هەروەها هەندێك جار لە ناو خودی یەك وڵاتیش جیاوازەو دەگۆڕێت، ئەوەی تایبەت بێت بە پارێزگای هەولێر ئەو شێوازانەی خوارەوە دەگرێتەوە، ڕێگای سەرەکی (٥٠٣کم)و ڕێگای لاوەکی (١٣٧٣کم)و ڕێگای خۆڵی یاخود چەوڕێژکراو (٨٠٠کم)، بڕوانەی خشتەی (١)و شێوەی (١).

خشتەی ژمارە (١)

درێژی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای هەولێر ساڵی ٢٠١٢

| جۆری ڕێگا | درێژی ڕێگا/ کم | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| سەرەکی | ٥٠٣ | ١٨,٩ |
| لاوەکی | ١٣٥٩ | ٥١ |
| خۆڵی/ تێکەڵەڕێژکراو | ٨٠٠ | ٣٠,١ |
| کۆی گشتی | ٢٦٦٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر، ٢٠١٢، بە کۆمپیتەر نوسراوەو بڵاونەکراوەتەوە.

## ١- ڕێگای سەرەکی:

ئەم جۆرە ڕێگایە بەوە جیادەکرێتەوە کە دەبێتە هۆی بەیەکتربەستنەوەی شارەکان بە مەڵبەندی پارێزگاو دواتر بەستنەوەیان بە پارێزگاکانی تر، ئەم شێوازەی ڕێگاوبان لە دوو ڕێڕەو یاخود یەك ڕێڕەو پێکدێت، [3]. ئەم جۆرە ڕێگایە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدی دەکرێت، ژمارەیان دەگاتە (٦) ڕێگاو کۆی گشتی درێژییەکەیان دەگاتە (٥٠٣کم) بەمەش نزیکەی (١٨,٩٪) ڕێگاوبانی پارێزگاکە لەخۆ دەگرێت، بڕوانە خشتەی (٢)و نەخشەی (٣). کە هەریەکە لە ڕێگاکانی (هەولێر- حاجی ئۆمەران (( هاملتۆن)))* و (هەولێر- ئاڵتون کۆپری- کەرکوك و هەولێر-

---

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان،ئاماری دانیشتوانی پارێزگای هەولێر، ٢٠١٢، بە کۆمپیوتەر نوسراوەو بڵاونەکراوەتەوە.

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، ئاماری ژمارەی ئۆتۆمبێلی پارێزگای هەولێر، ٢٠١٢، بە کۆمپیوتەر نوسراوەو بڵاونەکراوەتەوە.

(٣) مجيد ملوك السامرائي، جغرافية النقل الحديثة، المطبعة المركزية, جامعة ديالى، ديالى، ٢٠١١، ص٣٥.

* هاملتۆن: (ئەی. ئێم. هاملتۆن) ئەندازیارێکی بەریتانی بوو لە ساڵی (١٩٢٤) کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کردووەو لەگەڵ هێزەکانی بەریتانیا هاتۆتە عیراق و کاری ئەندازیاری کردووە، بۆیە ئەم ڕێگایە بە ناوی ئەو کراوە، سەرچاوە: أي. أم. هاملتون، طريق في كوردستان، ترجمة جرجيس فتح الله المحامي، طبع في مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣، ص١٤٥، هەروەها ئەم ڕێگایە بە ڕێگای نێودەوڵەتی ژمارە (٣) دەناسرێت کە لە شاری هەولێر دەست پێ دەکات و بەرەو پیرمام و شەقڵاوەو پاشان دەشتی هەریر سۆران و ڕواندوز و چۆمان و دواتر دەربەندی ڕایات و لە حاجی ئۆمەران لەسەر

خەبات– موسڵ) کە بە ڕێگای نێودەوڵەتی ژمارە (٢) *ناسراوەو (هەولێر– کۆیە– سلێمانی)و (هەولێر– مەخمور)و (موسڵ– گوێڕ– دیبەگە– دوبز– کەرکوك) لەخۆدەگرێت. ئەم ڕێگایانە کاریگەری گەورەیان هەیە بۆ هەموو ناوچە کشتوکاڵیو دەشتاییانەی کە پێی تێپەڕ دەبن.

شێوەی ژمارە (١)

ڕێژەی سەدی درێژی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (١).

خشتەی ژمارە (٢)

تۆڕەکانی ڕێگای سەرەکی لە پارێزگای هەولێر

| ژ | ناوی ڕێگا | درێژی ڕێگا/ کم |
|---|---|---|
| ١ | هەولێر– حاجی ئۆمەران (هاملتۆن) | ١٨٧ |
| ٢ | هەولێر– ئاڵتون کۆپری– کەرکوك | ٤٥ |
| ٣ | هەولێر– خەبات– موسڵ | ٣٤ |
| ٤ | هەولێر– کۆیە– سلێمانی | ١٠٥ |
| ٥ | هەولێر– مەخمور | ٧٢ |
| ٦ | موسڵ– گوێڕ– دیبەگە– دوبز– کەرکوك | ٦٠ |
| | کۆی گشتی | ٥٠٣ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، سەرچاوەی پێشوو.

سنوری عیراق– ئێران کۆتایی پێ دێت، درێژیەکەی نزیکەی (١٨٧کم) دەبێت، سەرچاوە: محەمەدزاهیر کۆخاصادق، کاریگەری ڕێگای نێودەوڵەتی ژمارە (٣) هاملتۆن لەسەر پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاریو بازرگانی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٢٨، ٢٠١٢، ل٤.

* ئەم ڕێگایە لە شاری بەغدا دەست پێدەکاتو پاشان بەرەو تکریتو دواتر کەرکوكو ئاڵتون کۆپریو پاشان هەولێرو قەزای خەبات دەبڕێتو ئاراستەکەی بەرەو موسڵو دواتر بەرەو دهۆكو زاخۆو لە خاڵی گومرگی ئیبراهیم خلیل کۆتایی پێدێتو درێژیەکەی (٥٥٤کم)و نزیکەی (٧٩کم) دەکەوێتە ناوچەی لێکۆڵینەوە، سەرچاوە: سعدي علي غالب، جغرافية النقل والتجارة, مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر, جامعة الموصل، ص١٧٨–١٧٩.

### نەخشەی ژمارە (٣)

### دابەش بوونی شێوازی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی سەرەکی و لاوەکی پارێزگای هەولێر




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە :

هوشیار محمدأمین رشید و سەردار محمد عبدالرحمن، ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر (مێژوویی– کارگێڕی– سروشتی– مرۆیی– ڕامیاری– ئابووری– ئامار)، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٣٠.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر، ٢٠١١

### ٢- ڕێگای لاوەکی:

ئەم ڕێگایە دەبێتە هۆی بەیەکتربەستنەوەی شارو شارۆچکەو گوندەکان بە یەکتریو دواتر بەستنەوەیان بە ڕێگا سەرەکیەکان، ئەمەش بە زۆری لە یەك ڕێرەو پێکدێتو خێرایی ڕۆیشتن بە سەری دا دەگاتە کەمتر لە (٨٠کم/ کاتژمێرێك)دا[١]، ئەم ڕێگایانە دەکەونە ئەملاو ئەولای ڕێگا سەرەکیەکانو بەوە جیادەکرێتەوە کە لقی زۆری لێدەبێتەوە بۆ خزمەتکردنی قەزاو ناحیەو مەڵبەندە کشتوکاڵیەکان[٢]. ئەم جۆرە ڕێگایە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدی دەکرێت، ژمارەیان دەگاتە (٥٣) ڕێگای لاوەکیو کۆی گشتی درێژییەکەیان دەگاتە (١٣٥٩کم) بەمەش نزیکەی (٥١٪) ڕێگاوبانی پارێزگاکە لەخۆ دەگرێت، بڕوانە خشتەی (٣)و نەخشەی (٣).

بێگومان بوونی ئەم ڕێگایانەش لە پارێزگای هەولێر گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە بواری گواستنەوەو گەیاندنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان بۆ ناوچەکانی بەکاربردن.

### ٣- ڕێگای خۆڵی/ تێکەڵەڕێژکراو:

یەکێکە لە جۆرەکانی تری ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل، ئەم جۆرە ڕێگایە لە چەند ڕێچکەیەکی خۆڵاوی یاخود تێکەڵەڕێژکراوی تەسك پێکهاتوونو زۆربەی وەرزەکانی ساڵ هاتوچۆکردنیان لەسەرە[٣]، مەبەست لە دروستکردنی ئەم ڕێگایانە بەستنەوەی گوندو شارە بەیەکترەوە، جگە لە بەستنەوەی بە ڕێگا لاوەکیو سەرەکیەکانو هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ کرداری گواستنەوەی بەربوومە کشتوکاڵیەکان لە ناوچەی بەرهەم هێنان بۆ ناوچەی بەکاربردنژمارەی ئەم جۆرە ڕێگایە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە سەرووی (٣٠٠) ڕێگایەو کۆی گشتی درێژییەکەیان دەگاتە نزیکەی (٨٠٠کم) بەمەش نزیکەی (٣٠,١٪) ڕێگاوبانی پارێزگاکە لەخۆدەگرێت، لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەی ڕێگا قیرتاوەکانی گوندەکان زیادی کردووەو خزمەتی بە کۆمەڵێك گوندی ناوچەکە گەیاندووە, پێویستە زیاتر گرنگی پێبدرێت,چونکە ئەم جۆرە ڕێگایانە زیاتر خزمەت بە گوندەکان دەکەن.

## تەوەری سێیەم/ کاریگەری ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لەسەر دیاردەکانی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر:

ڕێگاوبانی گواستنەوە بە گشتیو ئۆتۆمبێل بەتایبەتی بە یەکێك لەو فاکتەرە گرنگانە دادەنرێت کەوا کاریگەری هەیە لەسەر کشتوکاڵ کردنو دەبێتە هۆی بەیەکتر بەستنەوەی ناوچەکانی بەرهەم هێنان بە ناوچەکانی بەکاربردن، هەر بۆیە فەراهەم بوونی تۆڕەکانی ڕێگاوبان کاریگەری هەیە لەسەر پەرەپێدانی بەرووبوومی کشتوکاڵی بە هەردوو لقی ڕووەکیو ئاژەڵیەوە[٤]، دەتوانین کاریگەری ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لەسەر دیاردەکانی کشتوکاڵی لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

---

(١) مجيد ملوك السامرائي، جغرافية النقل الحديثة، المصدر السابق، ص٣٥.

(٢) عبدالعزيز محمد حبيب و د. يوسف يحيى طعماس، جغرافية النقل والتجارة الدولية، دار الكتب للطباعة وانشر، الموصل، ١٩٨٩، ص١٠٣.

(٣) محەمەد عەبدوڵڵا عومەر، گواستنەوەو هاتوچۆ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، ل٢٩٦.

(٤) محمد صافيتا وأخرون، جغرافية الزراعة، منشورات جامعة دمشق، سوريا، ٢٠٠٤، ص٧١.

## خشتەی ژمارە (٣)

## تۆڕەکانی ڕێگای لاوەکی لە پارێزگای هەولێر

| ژمارە | ناوی ڕێگا | درێژی ڕێگا/ کم | ژمارە | ناوی ڕێگا | درێژی ڕێگا/کم |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر- بەحرکە- ئیفراز | ٣٦ | ٢٨ | قەسرێ- مامەرووتە | ٩ |
| ٢ | هەولێر- گوێڕ | ٤٥ | ٢٩ | سیدەکان- نزاری | ١٥ |
| ٣ | بەستۆڕە- گۆمەسپان | ١٥ | ٣٠ | سیدەکان- لۆلان | ٢٧ |
| ٤ | گۆمەسپان- زیارەت- گەرۆتە | ٢٥ | ٣١ | حەسەن بەگ- کۆشینە | ٢٤ |
| ٥ | بیستان- قەشقە- ئاڵتون کۆپری | ٤٠ | ٣٢ | قەسرێ- ڕێزان | ١٢ |
| ٦ | کەڵەک- ئیفراز- شاخۆلان | ٣٨ | ٣٣ | چەمی خەلان- گردەمەند | ٢٤ |
| ٧ | بنەسلاوە- دارەتوو | ١٠ | ٣٤ | ناوپردان- سێکانیان | ٢٧ |
| ٨ | باقرتە(قەراج)- سەرگەڕان | ٣٠ | ٣٥ | سیدەکان- حەسەن بەگ | ١٤ |
| ٩ | مەخمور- کەپرۆک- گەیارە | ٣٢ | ٣٦ | هاملتۆن- سەکران | ١٦ |
| ١٠ | هیران- گۆمەسپان | ٢٠ | ٣٧ | سمیلان- چەمبەرۆک | ٢٧ |
| ١١ | شەقلاوە- هیران | ٣٥ | ٣٨ | پیرمام- سەری ڕەش | ٧ |
| ١٢ | کۆیە- تەق تەق | ٣٤ | ٣٩ | شیپلک- قەندیل- بێخمە | ٢٦ |
| ١٣ | تەق تەق- سێگردکان | ٢٥ | ٤٠ | هەریری کۆن | ٢٥ |
| ١٤ | کۆیە- سماقولی | ١٥ | ٤١ | خەلیفان- کۆرەک | ٢١ |
| ١٥ | کۆیە- چنارۆک- بیستانە | ١٥ | ٤٢ | ڕەواندوز- جوندیان | ١٠ |
| ١٦ | کۆیە- شەوگێر | ٩ | ٤٣ | مێرگەسوور- بافستیان | ٢٧ |
| ١٧ | مەخمور- باقرتە (قەراج) | ١٥ | ٤٤ | دیانا- سیدەکان | ٤٠ |
| ١٨ | خانزاد- ڕەشوان | ٣٣ | ٤٥ | ڕەواندوز- ئاکۆیان | ١٥ |
| ١٩ | گەلاڵە- برادۆست | ١٢ | ٤٦ | دیانا- مەزنێ | ١٥ |
| ٢٠ | خەلیفان- بارزان | ٨٥ | ٤٧ | مێرگەسوور- پیران | ١٢ |
| ٢١ | شیروان مەزن- بارزان | ٤٥ | ٤٨ | هاودیان- سپیلک- برادۆست | ٨ |
| ٢٢ | پیران- بەرمیزە | ٢١ | ٤٩ | حەسەن بەگ- سەری بەردی | ١٣ |
| ٢٣ | مێرگەسوور- ماميلان | ٨ | ٥٠ | گەلاڵە- پشتی ماسی | ٤٠ |
| ٢٤ | نزاری- دیلی | ٢٦ | ٥١ | دێگەڵە- بیستانە | ٤٨ |
| ٢٥ | هاودیان- بادلیان | ١٣ | ٥٢ | تەق تەق- ئاشتی | ٢٨ |
| ٢٦ | زارگەلی- قەلادزێ | ٦٥ | ٥٣ | هیران- جەلی | ٣٢ |
| ٢٧ | خەلیفان- بالیسان | ٥٠ | | کۆی گشتی | ١٣٥٩ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، سەرچاوەی پێشوو. ٢- نادية طلعت سعيد، طرق النق بالسيارات في محافظة أربيل- دراسة في جغرافية النقل، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب/ جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٣، ص٥٣-٥٤. ٣- محەمەد زاهیر کوخاصادق، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە- لیکۆلینەوەیەکە لە جوگرافیای گواستنەوە، نامەی ماستەر پێشکەش بە بەشی جوگرافیای کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی کۆیە کراوە، ٢٠٠٨، بلاونەکراوەتەوە.

**١- فراوان بوونی زەوی کشتوکاڵی:**

فراوانبوونی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل بەشداری دەکات لە دەست بەسەرداگرتنو بەکارهێنانی ڕووبەرێکی فراوان لە زەوی کشتوکاڵی گونجاو کە پێشووتر نەدەتوانرا بەکاربهێنرێت، بەهۆی نەبوونی یاخود نەگەیشتنی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی گواستنەوەو دووریان لە ڕێگاوبانەکانو بازاڕەکان کە مەبەستمان دانیشتوانە لە شارەکان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەتوانێت بەشداری بکات بۆ زیادکردنی بەرووبوومی کشتوکاڵیو بە دەستهێنانی ئاستێکی بەرز بۆ گەشەپێدانی ئابووری ئەم کەرتە, واتە فراوانبوونی زەوی کشتوکاڵی چێنراو دوای درێژبوونەوەی تۆڕەکانی ڕێگاوبان دێت[(١)]. لەوانە چەندین ڕێگای سەرەکیو لاوەکی هەن لە پارێزگای هەولێر کە بە ناوچە دەشتاییە گرنگەکان تێپەڕ دەبن کەوا ڕۆڵو کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر دەست بەسەرداگرتنو فراوانبوونی زەویە کشتوکاڵیەکان لەوانە ڕێگای (هەولێر- حاجی ئۆمەران) کە چەندین ناوچەی دەشتایی دەبڕێت لەوانە دەشتی بەستۆڕەو هەریرو دیانا، ڕێگای (هەولێر- کەرکوك) کە بە دەشتی هەولێرو قوشتەپەو ڕێگای (هەولێر- موسڵ) بە ناوچەی دەشتایی شەمامكو ڕێگای (هەولێر- مەخمور) بە دەشتی شەمامكو کەندێناوەو قەراجو ڕێگای (گوێر- دیبەگە- دوبز) بە دەشتی کەندێناوەو ڕێگای (هەولێر- کۆیە)و چەندین ڕێگای تر ئەمەش بۆتە خزمەتکردنی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی فراوان، هەروەها بۆتە هۆی فراوان بوونی زەوی چێنراوو گەیاندنی ئەم ناوچە دەشتاییانە بە تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل بۆ هەموو جۆرە بەرووبوومبێك ئەمەش بە پەرچە کردارێکی ئەرێنی دادەنرێت بۆ فراوان بوونی زەوی کشتوکاڵیو پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی.

دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین فراوان بوونی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی چێنراو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی درێژبوونەوەی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل، ئەگەر زانیمان ڕووبەری زەوی چێنراو لە ساڵی (١٩٧٥) نزیکەی (١٤١٤٧٠٠دۆنم)، کە ئەو کات کۆی گشتی ڕێگاوبانی قیرتاوکراو (٦٦٥کم)، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٢) ڕووبەری زەوی چێنراو بە بەرووبوومی کشتوکاڵی گەیشتۆتە نزیکەی (١٥٦٥٥٣٣دۆنم)، درێژی ڕێگای قیرتاویش لە هەمان ساڵ گەیشتۆتە نزیکەی (١٨٧٦کم)، سەرەرای ئەمەش لەم ساڵانەی دواییدا ڕووبەرێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی بەکارهێنراوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوون، بڕوانە خشتەی (٤).

خشتەی ژمارە (٤)

کۆی گشتی ڕووبەری زەوی چێنراوو درێژی ڕێگای قیرتاوکراو لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-٢٠١٢)

| ژ | ساڵ | ڕووبەری چێنراو/دۆنم | درێژی ڕێگا/کم |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٧٥ | ١٤١٤٥٠٠ | ٦٦٥ |
| ٢ | ٢٠١٢ | ١٥٦٥٥٣٣ | ١٨٧٦ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە/ ١- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٧٧، لمحافظة أربيل. ٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەشی پلانو بەدواداچوون، بڵاونەکراوەتەوە، ٢٠١٢.

ئەم زیادبوونەش لە ڕووی فراوان بوونی زەوی چێنراوی کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار لە نێوانیاندا زیادبوونی درێژی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێلە، چونکە بوونی بەرهەم بە بێ کرداری گواستنەوە هیچ مانایەکی نابێت, لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت جیاوازی ڕووبەری چێنراو لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-٢٠١٢) دەگاتە (١٥١٠٣٣دۆنم)و

(١) نوري خليل البرازي وأخرون، الجغرافية الزراعية، دار الكتب للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، جامعة الموصل، ٢٠٠٠، ص٣٧٣.

جیاوازی درێژی ڕێگاوبان لە هەمانساڵدا دەگاتە (١٢١١کم)، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل بەشداری کردووە لە سەر فراوان بوونی ڕووبەری چێنراوی کشتوکاڵی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە, هەروەها ئەم ڕێگایانە بە فاکتەرێکی سەرەکی دادەنرێت لەسەر بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵیو دەست بەسەرداگرتنو دروستکردنی باخو باخچە.

## ٢- پسپۆڕی کشتوکاڵی:

گواستنەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە پەرەپێدانی ئابووری هەر شوێنێکی جوگرافی جا ئەو شوێنە دەوڵەت بێت یاخود هەر هەرێمو شارێك کە دەبێتە هۆی دیاری کردنی جۆری ناوچەکەو ئاستی چالاکی ئابووری، ئەمەش بە پێی برو جۆری تێچوونی خزمەتگوزاری گواستنەوە دەگۆڕێت[١]. دواکەوتنی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی گواستنەوە بە گشتیو ئۆتۆمبێل بە تایبەتی بەشداری دەکات لە بێبەش بوونی ناوچەکان کە توانستیان هەیە لە ڕووی پسپۆڕی لە کشتوکاڵی کردنی جۆرە بەرووبوومێکی دیاری کراو، بۆیە چاککردنی تۆڕەکانی ڕێگاوبان دەبێتە هۆی پەیدابوونی پسپۆڕی هەر ناوچەیەك بە بەرووبوومێکی دیاری کراوو بە جۆرێك کە بڕی تێچوونی گواستنەوەی کەمتر بێت لە بڕی تێچوونی بەرهەم هێنان[٢].

لە ماوەی سەردانی کردنی مەیدانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە دیار دەکەوێت کە زۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکان کەوتوونەتە دەرەوەی شارەکان، بە پێی دووریان لە تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل، سەرەڕای ئەمەش زۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکان ڕاستەوخۆ دەکەونە سەر ڕێگاکان بۆیە دەبینین ئەو بەرووبوومانەی خێرا تێك دەچن وەکو سەوزەو میوەو سپیایيو پرۆژەی پەلەوەر واتا تایبەتمەندیو پسپۆڕی وەرگرتووە لەم جۆرە بەرووبوومانە کە دووری ئەم زەویە کشتوکاڵیانە (٣کم) کەمترە لە ڕێگا سەرەکيو لاوەکیەکان، بەڵام ناوچە دوورەکان لە بازاڕەکان واتە زۆنی دووەم تایبەتمەندکراوە بە بەرووبوومی دانەوێڵە وەکو ناوچەی دەشتە فراوانەکان کە (٣کم) زیاتر دوورن لە تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل واتە تایبەتمەندی وەرگرتووە، جگە لە کاریگەری فاکتەرەکانی تر، جگە لە ناوچە شاخاویە سەختو دوورە دەستو پەراوێزەکان نەبێت کە تارادەیەك لە ڕێگاکان دوورن, بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## ٣- بازاڕی کشتوکاڵی:

بازاڕ بە یەکێك لە دیاردە مرۆییەکان دادەنرێت کەوا کار دەکاتە سەر بەرهەم هێنان، لێرەدا گرنگی بازاڕو فراوانیەکەی دەوەستێتە سەر کۆمەڵێك هۆکار وەك ژمارەی دانیشتوانو سیستەمی کۆمەلایەتيو ئاستی بژێوی دانیشتوانەکە[٣].

هەر چەندە ئابووری وڵات بەرەو پێشەوە بڕوات کاریگەری بازاڕ زیاد دەکات لە سەر بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی لە ڕووی زیادبوونی چالاکی جووتیارو بەرهەم هێنانو فراوانبوونی توانستی بازاڕ بۆ وەرگرتنی بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان

---

(١) محمد صالح تركي القريشي و أحمد حسين الهيتي، مقدمة في اقتصاد النقل، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٢، ص١٧٨.

(٢) هشام صلاح محسن البياتي، النقل البري عن الطرق المعبدة في محافظة واسط وأثره في التنمية الاقليمية، رسالة ماجستير، قسم الجغرافية– كلية الاداب– الجامعة المستنصرية/ بغداد، ٢٠٠٢،ص٨٦. غير منشورة.

(٣) نصر السيد نصر, قواعد الجغرافية الاقتصادية، جزء الاول، مكتبة عين شمس، القاهرة، ١٩٥٩، ص٧٥.

تاوای لێدێت بەرهەم هێنان بەشی پڕكردنەوەی پێداویستیەكانی دانیشتوان بكات[1]. ڕێگاوبـان گرنگـی هەیـە لەسـەر بەرهەم هێنانی بەرووبوومی كشتوكاڵی بە هەموو جۆرەكانی وەك سەوزەو میـوەو دانەوێڵـەو بـەرووبوومی ئـاژەڵی بـۆ بەیەكتربەستنی ناوچەی بەرهەم هێنان بە ناوچـەی بـەكاربردن، فەراهـەم بـوونی هۆیـەكانی گواسـتنەوە بـە تایبـەتی گواستنەوە بە هۆی ئۆتۆمبێل هۆكارێكی یارمەتیدەرە بۆ فراوانبـوونی كێڵگـە كشـتوكاڵیەكان لـە داهـاتوودا، چـونكە هەموو پڕۆژەیەكی كشتوكاڵی پێویستی زۆری بە گواسـتنەوە هەیـە بـۆ بـازاڕ لەسـەر ئـەو بنەمایـەی كـە گواسـتنەوە دەبێتە هۆی لێك نزیك بوونەوەی بەرووبوومەكان بۆ بازاڕەكان بە واتای زۆرترین سوود لە كەمترین كاتدا[2].

لە ئەنجامی سەردانی كردنی مەیدانیو چاوپێكەوتن بۆ چەندین ناوچەی جیا جیای پارێزگای هـەولێر سـەبارەت بە تۆڕەكانی ڕێگاوبانو بازاڕەكانی بەكاربردنی كشتوكاڵی بۆمان دەركەوت كە پەیوەندیەكی توندو تۆڵو بە هێز هەیە لە نێوان كرداری بازاڕكردنو ڕادەی بـە دەسـتهێنانی جووتیـار لـە هۆیـەكانی گواسـتنەوەی وەك ئۆتـۆمبێلی (پیكـاب تۆیۆتاو كیـا) كـە نزیكـەی (٦٨٪) جووتیـارانی ناوچـەی لێكۆڵینـەوە خـاوەنی ئۆتـۆمبێلی خۆیـانن بـۆ گواسـتنەوەی بەرهەمە كشتوكاڵیەكانیان بە هەر دوو لقی ڕووەكیو ئاژەڵی بۆ بازاڕەكان لە سەر ئاستی پارێزگاكەو نزیكـەی (٣٢٪) ئـەو جووتیارانـەی كـە خـاوەنی ئۆتـۆمبێلی خۆیـان نـینو پشـت بـە ئۆتـۆمبێلی كـرێ دەبەسـتن بـۆ گواسـتنەوەی بەربووبوومەكانیان بۆ بازاڕەكانو ناوەندەكانی بەكاربردن[3].

هـەروەها لـە ئـەنجامی لێكۆڵینـەوە مەیدانیەكـەدا تێبینـی ئـەوە كـراوە كرێـی گواسـتنەوەی بەرووبوومـە كشـتوكاڵیەكانی وەك سـەوزەو میـوە كـە ئۆتـۆمبێلی تایبـەت بـە هـۆی (پیكـاب تۆیۆتـا) بـار هـەڵگر بـە مەبەسـتی بەبازاڕكردنی لە گوندەكان بۆ ناوەندەكانی بەكاربردن گۆڕانكاری بەسەر دادێت بە پێی جۆرو دوورو نزیكـی ڕێگاكـە ، لە ڕێگای شوێنە نزیكەكان بڕی تێچوونی كرێی گواستنەوەی بەروبوومەكان نزمە بە بەراورد لەگەڵ ڕێگا دوورەكان، لە ڕێگای گوندەكانی نزیك شارەكان (٣٠) هەزار دینارە، بەڵام لە ڕێگای گوندی دوورە شارەكان (٦٠) هـەزار دینـارە بـۆ گواستنەوەی بەرووبوومەكان[4].

سەبارەت بە كێڵگەی پەلەوەر كە بەشێكە لە بەرووبوومی كشتوكاڵی، ئەم كێڵگە پەلەوەریانـە بـە شـێوەیەكی بەرفراوان دەكەونە لایەكانی ڕێگا سەرەكیو لاوەكیەكان بە دووری (٢٠٠ – ٥٠٠م)، ناوچەی لێكۆڵینەوە بە پێی ئاماری بەڕوەبەرایەتی كشتوكاڵی پارێزگای هەولێر لـە سـاڵی (٢٠١٢) نزیكـەی (٣٦٣)[5] كێڵگـەی پەلـەوەری مریشـكی تێدا بەدی دەكرێت، دواتر گواستنەوەی بەرهەمەكانە بۆ ناوەندەكانی بەكاربردن لە شارەكان، بڕوانە نەخشەی (٤).

بەڵام سەبارەت بە بازاڕی فرۆشتنی ئاژەڵی وەك مەڕو بزنو مانگا لە پارێزگای هەولێر لە چەند ناوچەیەك بەدی دەكرێـت لەوانـە لـە قـەزاكانی (سـەنتەرو مـەخمورو كۆیـەو شـەقڵاوەو سـۆران) بـە زۆری كەوتوونەتـە سـەر ڕێگـا سەرەكیەكان، بڕوانە نەخشەی (٥).

---

(١) سالم توفيق النجفي و اسماعيل عبيد حمادي، التخطيط الزراعي، التخطيط التنمية والسياسية الزراعية، مديرية دار الكتب للطباعة وانشر، ١٩٨٩، ص٢٦.

(٢) عدى علي غالب، جغرافية النقل والتجارة، ، المصدر السابق،ص٤٢٠.

(٣) لێكۆڵینەوەی كێومالّی كردن بۆ بەشێك لە گوندەكانی قەزای سەنتەرو سۆرانو مەخمورو كۆیە (١–٥/٧/٢٠١٣).

(٤) چاوپێكەوتن لەگەڵ (حسێن حاجی عوسمان) خاوەن عەلوەی سەوزەو میوە لە عەلوەی هەولێر، (٦/٧/٢٠١٣).

(٥) حكومەتی هـەرێمی كوردسـتان، وەزارەتـی نـاوخۆ، ئامـاری ژمـارەی ئۆتـۆمبێلی پارێزگـای هـەولێر، ٢٠١٢، بـە كۆمپیوتەر نوسراوەو بڵاونەكراوەتەوە.

نەخشەی ژمارە (٤)

دابەش بوونی شوێنی کێڵگەکانی پەرلەوەر لە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە:

هوشیار محمدأمین رشید و سەردار محمد عبدالرحمن، ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر (مێژوویی– کارگێڕی– سروشتی– مرۆیی– رامیاری– ئابووری– ئامار)، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٣٠.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رێگاوبانی هەولێر، ٢٠١١.

حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی کشتوکاڵ, بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر, بەشی سامانی ئاژەڵ, ٢٠١٢، بەکۆمپیوتەر نوسراوەو بڵاونەکراوەتەوە

نەخشەی ژمارە (٥)

دابەش بوونی شوێنی بازاڕەکانی فرۆشتنی ئاژەڵان لە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە:

هوشیار محمدأمین رشید و سەردار محمد عبدالرحمن، ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر (مێژوویی– کارگێڕی– سروشتی– مرۆیی– ڕامیاری– ئابووری– ئامار)، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٣٠.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر، ٢٠١١.

حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی کشتوکاڵ, بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر, بەشی سامانی ئاژەڵ, ٢٠١٢، بەکۆمپیوتەر نوسراوەو بڵاونەکراوەتەوە.

ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوەی مەڕوماڵات بە ئۆتۆمبێل لە کێڵگەکانی جووتیاران‌و ناوچـەکانی تر بۆ بازاڕەکانی بەکاربردن لە شارەکان.

هەروەها لایەنێکی تری ڕێگاوبانە سەرەکیەکان لە دەوروبەری شارەکان کە شوێنی فرۆشتنی سەوزەو میوەیـە (عەلوە) لە لایەن جووتیارەکان بەرهەمەکانیان دەگوازنەوە بۆ شارەکان کـە ناوچـەی بەکاربردنـە بـە پێـی قـەبارەی دانیشتوانەکانیان، لە ناوچەی لێکۆڵینەوەش لە چەند شوێنێك بەدی دەکرێت لەوانە لە قەزاکانی (سەنتەرو مـەخمورو کۆیـەو شـەقلاوەو سـۆران‌و چـۆمان) ئەمـەش وای کـردووە گرنگـی ڕێگاوبانمـان بـۆ دەر بکـەوێت لـە ڕووی شـێوەی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بڕوانە نەخشەی (٦).

نەخشەی ژمارە (٦)

دابەش بوونی شوێنی بازاڕەکانی سەوزەو میوە (عەلوە) لە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە :

هوشیار محمدأمین رشید و سەردار محمد عبدالرحمن، ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر (مێژوویی– کارگێڕی– سروشتی– مرۆیی– ڕامیاری– ئابووری– ئامار)، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٣٠.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر، ٢٠١١

## ئەنجام

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی شێوازی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل بەم شێوەیە دابەش بووە لە ڕووی درێژیەوە، ڕێگای سەرەکی (٥٠٣کم)و ڕێگای لاوەکی (١٣٥٩کم)و ڕێگای خۆڵی یاخود چەوڕێژکراو (٨٠٠کم).

زیادبوونی درێژبوونەوەی تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل، کاریگەری هەبووە لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری زەوی چێنراو لە ساڵی (١٩٧٥) نزیکەی (١٤١٤٧٠٠دۆنم) بووەو ڕێگاوبانی قیرتاوکراو (٦٦٥کم)، بەلام لە ساڵی (٢٠١٢) ڕووبەری زەوی چێنراو نزیکەی (١٥٦٥٥٣٣دۆنم)، درێژی ڕێگای قیرتاویش (١٨٧٦کم).

لە ئەنجامی سەردانی کردنی کێومالی کردنو چاوپێکەوتن بۆمان دەرکەوت نزیکەی (٦٨٪) جووتیارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی ئۆتۆمبێلی خۆیانو نزیکەی (٣٢٪) پشت بە ئۆتۆمبێلی کرێ دەبەستن بۆ گواستنەوەی بەرهەمبووەکانیان بۆ بازاڕەکانو ناوەندەکانی بەکاربردن.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانیەکەدا تێبینی ئەوە کراوە کرێی گواستنەوەی بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان بۆ بازاڕەکان دەگۆڕێت لە ڕێگای شوێنە نزیکەکان بڕی تێچوونی کرێی گواستنەوەی بەرووبوومەکان نزمە بە بەراورد لەگەڵ ڕێگا دوورەکان.

## پێشنیار

فراوان کردن و چاککردنو قیرتاوکردنی ڕێگاوبانی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەو بە جووت ساید کردنی ڕێگای نێوان قەزاو ناحیەکان بەستنەوەیان بە بازاڕەکانی بەکاربردنو سەنتەری پارێزگاکە بەتایبەتی ناوچەی دەشتاییەکانی قەراجو کەندێناوەو دەشتی کۆیەو هەریر کە زۆربەیان یەك سایدن بۆ ئەوەی ببێتە هۆی نزمە بوونەوەی نرخی کرێی گواستنەوە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر نزم بوونەوەی نرخی بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان.

هاوکاری کردنی جووتیارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵو ئاودێری بە پێدانی ئۆتۆمبێلی بار بۆ گواستنەوەی بەرووبوومەکانیان بە نرخێکی گونجاو بە شێوەیەکی دادپەروەرانە کە هەموو جووتیاران لێی سوودمەندبن, چونکە بەشێکی زۆر جووتیارانی سنوری پارێزگاکە پەراوێز خراون بەتایبەتی دەشتی قەراجو کەندێناوەو چەندین ناوچەی تر.

## لیستی سەرچاوەکان

### أ- کتێبە کوردیەکان:

عومەر، محەمەد عەبدوڵلا، گواستنەوەو هاتوچۆ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨.

### ب- کتێبە عەرەبیەکان:

٢- البرازي، نوري خليل وأخرون، الجغرافية الزراعة، دار الكتب للطباعة والنشر، طبعة الثانية، جامعة الموصل، ٢٠٠٠.

٣- حبيب، عبدالعزيز محمد ويوسف يحيى طعماس، جغرافية النقل والتجارة الدولية، دار الكتب للطباعة وانشر، الموصل، ١٩٨٩.

٤- خصباك، شاكر، العراق دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣.

٥- السامرائي، مجيد ملوك، جغرافية النقل الحديثة، المطبعة المركزية- جامعة ديالى، ديالى، ٢٠١١.

٦- صافيتا، محمد وأخرون، جغرافية الزراعة، منشورات جامعة دمشق، سوريا، ٢٠٠٤.

٧- غالب، سعدي علي، جغرافية النقل والتجارة، مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٧.

٨- القريشي، محمد صالح تركي و أحمد حسين الهيتي، مقدمة في اقتصاد النقل، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٢.

٩- محمد، خليل اسماعيل، اقليم كوردستان العراق — دراسات في التكوين القومي للسكان، ط ٣، اربيل، ١٩٩٩

١٠- النجفي، سالم توفيق و اسماعيل عبيد حمادي، التخطيط الزراعي، التخطيط التنمية والسياسية الزراعية، مديرية دار الكتب للطباعة وانشر، ١٩٨٩.

١١- نصر، السيد نصر, قواعد الجغرافية الاقتصادية، جزء الاول، مكتبة عين شمس، القاهرة، ١٩٥٩.

١٢- هاملتون، أي. أم.، طريق في كوردستان، ترجمة جرجيس فتح الله المحامي، طبع في مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.

### پ- گۆڤارە کوردیەکان:

١٣- محەمەدزاهیر کۆخاصادق، کاریگەری ڕێگای نێودەوڵەتی ژمارە (٣) هاملتۆن لەسەر پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاریو بازرگانی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٢٨، ٢٠١٢.

### ج- نامە زانستیە کوردیەکان:

١٤- صادق، محەمەد زاهیر کوخا، شیکردنەوەیەکی جوگراف بۆ تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە- لیکۆلینەوەیەکە لە جوگرافیای گواستنەوە، نامەی ماستەر پێشکەش بە بەشی جوگرافیای کۆلیجی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی کۆیە کراوە، ٢٠٠٨.

١٥- بەهرە رچا عیمان، جیاوازی شوێنی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای پەرەپێدان، نامەی ماستەر، پێشکەش بە بەشی جوگرافیای کۆلیجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر کراوە، ٢٠١٣.

### چ- نامە زانستیە عەرەبیەکان:

١٦- البياتي، هشام صلاح محسن، النقل البري عن الطرق المعبدة في محافظة واسط وأثره في التنمية الاقليمية، رسالة ماجستير مقدمة الى قسم الجغرافية- كلية الاداب- جامعة المستنصرية/ بغداد، ٢٠٠٢.

١٧- الحداد، هاشم ياسين حمدأمين، اطلس الموارد الطبيعية لمحافظة اربيل وادارة الارض فيها للاغراض الزراعية، جزء الثاني، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل ٢٠٠٠.

١٨- سعيد، نادية طلعت، طرق السيارات في محافظة أربيل- دراسة في جغرافية النقل، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب/ جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٣.

١٩- عمر، لقمان وسو، التغيرات المناخية وأثرها في متطلبات تحقيق التنمية الزراعية في محافظة أربيل، أطروحة دكتورا مقدمة الى قسم فاكلتي التربية/ جامعة كويه، ٢٠١٣.

**ح- چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان بە زمانی کوردی:**

٢٠- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر، ٢٠١٢، بە کۆمپیتەر نوسراوەو بڵاونەکراوەتەوە.

٢١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، ئاماری دانیشتوانی پارێزگای هەولێر، ٢٠١٢، بە کۆمپیوتەر نوسراوەو بڵاونەکراوەتەوە.

٢٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵو ئاودێری، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەشی پلانو بەدواداچوون، ٢٠١٢، بە کۆمپیوتەر نوسراوەو بڵاونەکراوەتەوە.

٢٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەشی سامانی ئاژەڵ، ٢٠١٢، بە کۆمپیوتەر نوسراوەو بڵاونەکراوەتەوە.

٢٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، ئاماری ژمارەی ئۆتۆمبێلی پارێزگای هەولێر، ٢٠١٢، بە کۆمپیوتەر نوسراوەو بڵاونەکراوەتەوە.

**خ- چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان بە زمانی عەرەبی:**

٢٥- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٧٧، لمحافظة أربيل.

**د- نەخشەکان بە زمانی کوردی:**

٢٦- خۆشناو، هوشیار محمدأمین رشید وسەردار محمد عبدالرحمن، ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر- مێژوویی- کارگێڕی- سروشتی- مرۆیی- ڕامیاری- ئابووری- ئامار، لە بڵاوکراوەکانی تێنووس بۆ چاپەنەنیو کاری هونەری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

**ر- نەخشەکان بە زمانی عەرەبی:**

٢٧- ابراهيم القصاب وآخرون، اطلس العراق التعليمي، مركز علم الخرائط، كلية التربية، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٧.

٢٨- اقليم كوردستان العراق، وزارة التخطيط، قسم التخطيط الاداري، خارطة محافظة أربيل، ٢٠١١.

**ز- چاوپێکەوتنەکان:**

٢٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ (حسێن حاجی عوسمان) خاوەن عەلوەی سەوزەو میوە لە عەلوەی هەولێر، (٢٠١٣/٧/٦).

٣٠- لێکۆڵینەوەی کێومالی کردن بۆ بەشێك لە گوندەکانی قەزای سەنتەرو سۆرانو مەخمورو کۆیە (١-٢٠١٣/٧/٥).

**الملخص**

**(تأثير طرق النقل بالسيارات على ظاهرة استغلال الاراضي الزراعية في محافظة أربيل)**

تعد طرق النقل بالسيارات ذات الاهمية الكبيرة لمختلف مجالات الحياة، ومنها استعمالات الارض الزراعية لما لها من اثر ودور كبير ومباشر في زيادة وتوسع استعمالات الارض الزراعية من خلال استثمار ارض جديدة لم تكن مستثمرة من قبل وتغيير نمط استعمالات الارض الزراعية السائدة. تناولت الدراسة تأثير الطرق النقل بالسيارات على استغلال الاراضي الزراعية في محافظة أربيل، وقد تمت الدراسة من خلال دراسة واقع شبكة طرق النقل بالسيارات وتأثير طرق على الظواهر الزراعية، وقد افترضت الدراسة ان الطرق النقل دور كبير في تنوع استثمار الاراضي الزراعية على طول امتداداتها وحسب انواعها عن مراكز المدن. اما مايخص خطة البحث فقد قسم لبحث الى ثلاثة محاور، خصص المحور الاول تعريف بالمنطقة الدراسة، اما المحور الثاني خصص لنمط الشبكات الطرق النقل بالسيارات، وفي المحور الثالث تم عرض تأثير طرق على الظواهر الزراعية في محافظة أربيل.

## Abstract

## Impact of motor transport routes in the phenomenon of exploitation of Agriculture land in the province of Erbl

The road transport vehicles has agreat of the various areas of life, including the use of farmland because of its effect and significant role and direct the increase and expansion of uses farmland by investing new land were not invested by changing the pattern of land uses agricultural prevailing. The study impact road transport vehicles on the exploitation of agricultural land in the province of Erbil, has been the study by examining the reality of network transport routes in cars and the impact of roads on the phenomena agricultural, had assumed a study that road transport large role in the diversity of investment farmland along the extensions and by types of city centers. Regards research plan has divided the search to three axes, devoted first axis defined region of the study, either second axis allocated to road motor transport networks, and in the third axis has been the impact of roads on agricultural phenomena in the province of Erbil.